من فەرمانم پێتانکرد بەوەی فڵان وفڵان بسوتێنن، وتەنها خوای گەورە بە ئاگر سزا دەدات، ئەگەر ئەوانتان دۆزیەوە بیانکوژن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەڵمەتێکدا ئێمەی نارد وفەرمووی: «ئەگەر فڵان وفڵانتان دۆزیەوە» دوو پیاو بوو لە قوڕەیش وناویانی هێنا، -وفەرمووی-: «بیانسووتێنن»، پاشان کاتێک ویستمان دەربچین پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من فەرمانم پێتانکرد بەوەی فڵان وفڵان بسوتێنن، وتەنها خوای گەورە بە ئاگر سزا دەدات، ئەگەر ئەوانتان دۆزیەوە بیانکوژن».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەڵمەتێکدا کۆمەڵێکی نارد بۆئەوەی بەرامبەر دوژمن بجەنگن، وفەرمانی پێیانکرد ئەگەر دوو کەسی دیاریکراویان بینی لە قوڕەیش وناویانی هێنا؛ بیانسووتێنن، پاشان پێش ئەوەی بکەونە ڕێ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: من فەرمانم پێتانکرد بەوەی فڵان وفڵان بسوتێنن، وتەنها خوای گەورە بە ئاگر سزا دەدات، ئەگەر ئەوانتان دۆزیەوە بیانکوژن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8889